بارودۆخی سوریا و بەدەنگیی ڕۆژئاوا : کۆبانێ دەستوتت.. بۆیان ساڵح

لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێ چاپەمەنیمارکیەکانم سەبارەت بە بارودۆخی سوریا، پێم گوت:
ئاوەی ئێستا لە سوریا ڕووەدات دووبارە ڕێکخستنەوەی سیستەمی سەرمایەداریە لە ناوچەکەدا، کە نەخشەیەکی جوگرافیای نوێی سوریا دەکێشرێت و دەوڵەتێک لەسەر بنەمای تیرۆریستی و ناسیۆنالیستی دەسەپێنرێت کە دوورە لە دەوڵەتی هاووڵاتیبوون.

ئەمریکا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی کە بریتین لە ئیسرائیل و تورکیا و سعودیە و قەتەر لە دروستکردنی ئەم پڕۆژە تاوانکاریەدا دەوستێت. هەرشی سەربازی و تیرۆریستی بە سەر دانیشتوانی مەدەنی لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا و کوشتنیان و دەربەدەرکردنیان و بەبەشکردنیان لە ئاو و کارەبا لەلایەن هێزە تیرۆریستیەیئیسلامیەکان کە لەلایەن حکومەتێکی شەرعیەوە نوێنرایەتی دەکرێن کە بەسەر گەلی سوریادا سەپێنراوە، هەرشکەی دەندانێیە کە بەرژەوەندیەیسیاسی و ئابووریەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی وڵاتانی کەنداو دەپارێزێت. سەرەڕای بەدیهێنانی ئامانجەکانی بەرژوازی ئیسلامی شەقڵنی لە تورکیا

ئەم شکستە کۆنەپەرستانە لە دژی جەماوەری کوردستانی سوریا شکێکە بە ئامانجی بەهێزکردنی تیرۆریزمی سیاسی ئیسلامی لە ناوچەکەدا جێی داخە کە چارەسەری پرسی کورد و پاراستنی مافەکانی گەلی کورد پێویستێتە بە ستراتیژ و پلانی هێزە سەرمایەدارەکان و ئیمپریالیستەکان و هاوپەیمانەکانیانەوە وەک هێز و تەوژمەکانی کوردی وەک هێزەکانی سوریای دیموکرات نیشانیان دا کە شراکەتی هاوپەیمانێتیان لە گەڵکۆتنی نوێدا فەرامۆش کرا.

کۆبانێ، واقیعی تراژیدی لەسەر زەوی: گەواهیدەران لە دڵی دۆزەخەوە

لە ڕۆگەی کارە پیشەیەکانم لەگەڵ هەندێک خەزانی کوردی سوریا و لە ڕۆگەی پەیوەندیە بەردەوامەکانیان لەگەڵ کەسوکاریان لە ناوچەی کۆبانێ لەم ڕۆژانەدا، وێنەیەکی مرۆڤایەتی زۆر ناخۆش دەردەکەوێت. نزیکەی نیو ملیۆن خەڵکی کورد بەتەواوی گەمارەدراون و ئاو و

کارەبا و خۆراک و پێداویستیە پزیشکییە بنچینەییەکانیان لەبەردراوە. ئەو وێنەیەی لەوەوە دێت ترسناکە: منداڵان دەمرن، نەخۆشکان بەهۆی نەبوونی دەرمانەوە دەمرن، و خەڵکانێکی هەوە دەدەن بە کەمترین شەوە بژین. پەیوەندییە تەلەفۆنییە پچڕپچڕ لەگەڵ دانیشتووانی گەمارۆدراو ئاوازی نائومێدی و دەنگە لەرزۆکەکان وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەی ژێر گەمارۆدان دەگێڕنەوە: "ئاوی خواردنەوە و کارەبا بە چەند ڕۆژێک نییە، منداڵەکان برسینن و نەخۆشخانەکان ناتوانن بریندارێکی زیاتر وەربگرن."
بەم گەمارۆیە خنکێنەرەوە، ئازاری هاوواڵتیانی کورد بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخەکانەوە خراپتر بووە، چونکە هەندێک لە بازرگانان ئەم دۆخە ئەمنییە خراپەیان قۆستۆتەوە بۆ بەرزکردنەوەی نرخی خۆراک بەشێوەیەکی نامرۆڤانە. کیلۆیەک نان کە پێشتر بە نرخێکی کەم دەفرۆشرا بە زەربەی خەزانەکان زۆر گران بووە. پارەگێڕەکان سوود لەو نەهامەتییە وەردەگرن، برستی دەکەنە بازرگانی، پێداویستی مرۆڤ دەکەنە دەرفەتێک بۆ قازانجی خۆرا. تەنانەت لە خراپترین بارودۆخیشدا سەرمایەداری ڕێگایەک دەدۆزێتەوە بۆ هێشتنی خوێنی هەژاران. تراژیدیاکە تەنها بە برستی و گەمارۆوە سنووردار نییە. ئەم درۆژ دەبێتەوە بە ترسی بەردەوامی ئاوارەبوونی بۆمبار و ترسی کردارە دڕندەکانی داعش و مامەڵەی نامرۆڤانە و پشلکارییە ترسناکەکانی دژی هاوواڵتیانی بە بەرگری. یادەوەری کەمەڵەی گەلانی ناوچەکە هێشتا برینی ئەو کارانەی داعش لە ئابردووداکردوویەتی هەڵدەگرێت: لەسەدارەدانی بکەمەڵە، کێلەکردنی ژنان، لەناوبردنی ناسنامەی کولتووری، و سێنەوەی هەموو شوێنەوارێکی ژیانی مەدەنی.
ئەمە خەڵکی کەبانێ بە دوو ترسەوە دەژین: ترسی مردن بە برستی و تینوویەتی و سەرما و ترسی شتێکی خراپتر ئەگەر شارەکە بکەوێتە دەست هێزەکانی سوریا. گەلی کورد لە چارەنووسی ژنان و کچان دەترسێت و جەماوەریش دەزانێت کە ئاوارەبوونی زەرملە مانای لەدەستدانی هەموو شتێکە خاک و ماڵ و ناسنامە ئەمە تەنها گەمارۆیەکی سەربازی نییە. ئەمە هەوڵێکی سیستماتیکییە بۆ سێنەوەی تەواوی خەڵکێک لە نەخشەی ناوچەکە.

بەدەنگی شەرمەزاری ڕۆژئاوایی: کاتێک تراژیدیای مرۆڤ دەبێتە پڕاوێز

هاوڵاتیکەم بە خەمکی قووڵەوە گوتی: "ئەوەی ئەمە لەو ناوچانە ڕوودەدات زێر تراژیدیە و لەبەرچاوی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەوروپا ڕوودەدات بەبێ ئەوەی هیچ میدیایەکی ڕاستەقینە ڕووماڵی ئازاری خەڵکی مەدەنی بکات." گفتوگۆکەمان بەردەوام بوو لەسەر ئەوەی کە

چەن لەرە لە دانیمارک تەنها دوو پارتی چەپ پشتگیری ئەو پرسیان کردووە، لەگەڵ پشتیوانییەکی سنووردار لەلایەن چەند پارتێکی ترەوە، لە کاتێکدا میدیای دانیمارک بەتەواوی بەدەنگ و لە بەرنامە هەواڵییەکانیدا باسی ئەو شتانە ناکات کە ووددەن. ئەمە بە شێوەیەک لە شێوەکان هاوکاری ئاشکرایە لەگەڵ پێژەی ئیمپریالیستی کە لە ناوچەکەدا بەرەو دەچێت. دیموکراسی سەرمایەداری ڕۆژئاوا ڕوخساری ڕاستەقینەی خۆی دەردەخات: مافەکانی مرۆڤ هەڵبژاردەن و بەها مرۆییەکان تەنها سوودا گەری گەمەی بەرژەوەندییە گەورەکانن. چەند ڕۆژنامەیەکی دانیمارکی ئاماژە بە کارساتی مرۆیی ئێستای کەبانە دەکەن و ئاماژەیان بەوە کردووە کە شارەکە بەدەست پچڕانی تەواوی کارەبا و ئاو و ئینتەرنێتەوە دەناڵێنێت و هەروەها کەمی زەری ئارد و دەرمان هەیە. ئەوان هەواڵی مردنی منداڵان بەهۆی پلەی گەرما و کەمی سووتەمەنی گەرمکردنەوە و نەبوونی شوێنی حەوانەوە بڵاودەکەنەوە.
وەاتانی ڕۆژئاوا کە شانازی بە دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤەوە دەکەن، چاویان لە تراژیدیای نیو ملیۆن کەس لە کەبانە گەمارەدراو گرتووە کە ووبەووی مردنی هەواش دەبنەوە. میدیای ڕۆژئاوا کە تیشک دەخاتە سەر هەموو ووداوێک کە خزمەت بە ئاجێندای سیاسی خۆی دەکات، بەدەنگی ڕەها هەڵدەبژێرێت کاتێک باس لە تاوانکانی هاوپەیمانەکانی دەکات.
ڕاگرتنی دەستبەجێی ئەم هەمەتە تیرۆریستییە و دژایەتیکردنی شۆڤێنیزم
من پەم گوت: من ئەوەی لە سوریا ووددات نمونەیەکی زۆق دەبینم لە بەیەکگەیشتنی شەڕ جەراوجەرکانی چەوساندنەوە: ئیمپریالیزم، سەرمایەداری، فاشیزمی ناسیونالیست، و ئیسلامی سیاسی، هەموویان هاوپەیمانن بە سەرکوتکردنی گەلان و جەماوەری کرێکار، نادادپەروەری بە شێوەیەکی هەمیشە نوێ بەرهەم دەهێننەوە.
من پشتگیری لە وەستاندنی دەستبەجێی ئەم هەمەتە تیرۆریستییە دەکەم و دژی هەموو شۆڤێنیزمە ناسیونالیستەکانم، چ ناسیونالیستە تورک و چ عەرەبەکان، هەروەها ناسیونالیستە کوردەکان. گەلی کورد و هەموو گەلانی تر مافی ئەویان هەیە خۆیان لە هەموو تیرۆرێکی شۆڤێنی بپارێزن و مافی قسەکردن بە زمانی دایکیان و مافی چارەی خۆنووسینیان هەیە
سەرەنجام هەردووکمان لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە خەباتی چینایەتی دژ بە سەرمایەداری لە خەبات دژ بە چەوساندنەوەی نەتەوەیی و سیستەمی پیاوسالاری جیا نابێتەوە ئەمانە هەموویان ووێکی یەک ڕیزبەندین لەسەر بنەمای زاڵبوون و چەوساندنەوە و ئازادی ڕاستەقینە بەدی

ناهێنرێت ئەگەر هەموویان پێکەوە ڕووبەڕوو نەبنەوە.

بڕیان ساڵح

بەختی ڕەش یا کۆمەڵی چەوت*- بەشی سێیەم و کۆتایی.. نەژاد عزیز سورمێ

() ()

چەند وێستگەیەکی کورت لە ژیانی ڕۆژگارەکانی دوای کۆربوونەوەی (ئاگردان)ێکی دی

نەژاد عزیز سورمێ

بەشی سێیەم و کۆتایی

ڕوونکردنەوە
ویستم خۆنەر لەوە باخەبەر بکەم کە ئەم نووسینە نە بیرەوەریە و نە یادداشتنامە،
بەو مانایەی دەخوازێ لەم دوو ژانرەدا هەبن ..
تەنیا نووسینێکە بە داوا و جەختی چەند جارەی هەر دوو دۆستم (نیعمەت عەبدوڵا و تاریق جامباز)وە بۆ پرۆژەیەك نووسراوە تایبەت بە تۆمارکردن و دیکۆمێنتکردنی نەفیکراوانی کوردستان دوای نسکۆی ساڵی 1975 کە لە دووتوێی کتێبێکدا بەم دواییە بەشی یەکەمیان لێ بڵاو کردەوە.
هیوادارم لەم قاوخەدا بخوێنرێتەوە.
لەبارەی تایتڵی سەرەکی نووسینەکەیشەوە(بەختی ڕەش یا کۆمەڵی چەوت) وەك لە پەراوێزیشدا ئاماژەی پێدراوە، ئەوە ناوونیشانی یادداشتنامەی
باوکم بوو کە نزیکەی 900 و قسوور لاپەڕەی فۆسکابی دەستنووس دەبوو بە داخەوە بە هۆی بۆمبارانی خانوو و ماڵمان(ناوەڕاستی ساڵی

(1974
به فەكەكانى سوپاى عيراق لە گەلە تياچوو .

ئەوەى منى بردە ژوورەوە، لە هاتنە دەرەوەيدا سەاوى بە كابراى پشت مزەكە سەند و چووە دەرەوە. ئيتر بەتەنيا مامەوە. كابراى پشت مز بەجريك سەيرى دەكردم جياواز ، من وەستابووم ، كابراى تەنيشت مزەكەيش تەماشاى دەكردم..كابراى پشتى مز يەكەم پرسيارى لە كردم بەم جرە دەستى بەقسە كرد: كابراى ئەمن: (ئيە) كاكە انت شوداك للعباسية..؟ واتە كاكە تە چى بردبتيە عەبباسيە من: استاذ غير انتم- ئوستاد غير ئەوە.. هەر ئەوەندەم وت و نەوت كابراى ئەمن تووەە بوو هەستايە سەر پە لەم و پاەەكى بە دەم كەمەەك جنەوەوە پەوەنام ، خەم گرتەوە دەنا پشت و پشت دەكەوتم ئينجا وتى : (ترتكبون الجرائم ضد الحزب و الثوره و تغشمون نفسكم .) واتە تاوان بەرامبەر حزب و شەەش دەكەن و خەشتان غەشيم دەكەن ، پاشان وتى (ماكو چاره وياكم راح نأدبكم) هەر چەند وتم من تا ئەستا نازانم لەسەر چى بانگ كراوم بە سوود بوو ، تەنيا ئەوەندەى وت (اخرس وتى: باشە. بەدەم ئەو باشەيەشەوە هەستايە سەرپە و بەرەو لاى من هات ئاوا دوو مەتريك لەمن دوور بوو ، وتى:
- احنا نعرف انت متورط وياهم ، لكن نريد نسمع منك. وتم: (العفو أستاذ ما افهم قصدك) واتە ئوستاز لە مەبەستت ناگەم ، وتى: پەمان بەى چەن نەخشەتان بە كوشتنى تاوانليكراو ئەو وتى (المجنى عليه) عوسمان محەمەد فائق بەەوە بەرى گشتى ەەشنبيرى كەشا ، لەو كاتەدا تەگەيشتم من لەسەرچى گيراوم چونكە پەش دوو ەەژ لەەەژنامەكاندا هەواەى ئەم مەسەلەيەم خويندبووەوە ، بەەام ەاستى لەوكاتەدا شتەك لەنەوان سەرسەمان و پەكەنين بە خەم نەبوو دايگرتم، كەمن هەر لەبنەەەتەوە لەبەغدا نەبووم لەو ەاستەدا وتم : ئوستاز من هيچ شتەك لەو مەسەلەيە نازانم تەنها وەكو هەر هاووەاتيەك لەەەژنامەدا خويندومەتەوە هەشتا قسەى خەم تەواو نەكردبوو كە پاەيكى دى توندى پەوەنام و شەقازيلەيەكى لەدام و لەگە كەمەيك
لەرەوە زانيم خەكى تريش گراون هەر تەنيا من نيم كە لەدوايشدا هەروا دەرچوو ئەمە نزيكەى ژمارەيەك لەنووسەرو ەەژنامەنووس بەجگە لە خەكى تر لەسەر ئەم مەسەلەيە گيرابووين.
كارەكەش وەك لەدوايدا بەمان ەوون بووەوە لەلايەن ەەكخراوەك بە ناوى (هەەى سوور)ـەوە ئەنجام درابوو، ئەمەمان لەدواى بەربوون بە ەوون بووە هەرواش بوو،
بەهەرحا دواى پرسيار و وەاميكى زر و لەدان و ترساندنى زرەوە كە س جار دووبارەيان كردەوە ماوەى زياتر لە س سەعاتى خاياند

لە ژووری جیا جیا ، وا دیارە (ەوانشاد ەووف حەسەن) کە دوایی زانیم لە زیندانی ئینفیرادی بوو دەنگ و هاواری منی لە کاتی لێداندا ناسیبووە و وا دیارە نزیك ئەو شوێنە بووە (ئەو ئەوەی لە یادداشتەکانیدا نووسیوەتەوە و کاتێ لە ڕۆژنامەی (باس) بە زنجیرە باوی دەکردەوە) .
پاش هەموو ئەو لێدان و ترساندنە ، پێم وا بێ خێیان ماندوو بوون . کە هیچیان هەنەکەاند ، چونکە بەاستی دوور و نزیك پەیوەندیم بەو کارەوە نەبوو بە جەستەیەکی کوتراوەوە و تینوویەتێکی لەادەبەدەر منیان هێنایەوە لای ئەفسەرەکەی پشوو کە کابرای لەتەنیشت مێزەکە دانیشتبوو دەینووسیەوە، جارێکیتر کابرای ئەفسەر کەوتەوە هەەشە و وای تێگەیاندم کە دواجار دەبێ دان بە تاوانەکانتان بێنن (ئەوەشی بە جەمع وت) ، هەر چەندە من تاقەتی بەرگری لە خێشم نەمابوو ، بەام جارێکیتر وتم ئوستاز من لە دوور و نزیك ئاگادار نیم ، دوایی چەندین پرسیاری دیکەی لێ کردم کە هەندێکیانی پشتر لێ کردبووم ، ئینجا کابرای تەنیشتی کە دەینووسییەوە وەرەقەیەکی دایە ئەفسەرەکە و بە سەیدی بانگی کرد وا دیار ئەفسەرەکە (محقق) پلەی لەو بەرزتر بوو هەر چەندە هەر دووکیان جل و بەرگی مەدەنییان لەبەر بوو ئینجا ئەوەی کە تحقیقی لەمن دەکرد ئەویش بە ئیشارەت بە منی وت: وەرە ئیمزای بکە.
لەاستیدا لەوکاتەدا من دوو دێ بووم لەئیمزاکردن ، چونکە دەترسام لەوەی کە شتی هەبەستراوی تێدابێ ، لەلایەکی تریش لە تینوویەتییان و ماندوویەتی کە گەیشتبووە دەوروبەری نیوە شەو وێ ببووم نەشمدەزانی بەم نیوە شەوە چیم بەسەر دێت ، لەگەڵ ئەوەشدا بێ من ئەوە مەسەلەیەکی گرنگ بوو کە وەەقەکە بزانم چی تێدایە ئینجا ئیمزای بکەم ، چونکەڵ لە زێر کەسم بیستبوو بێت هەدەبەستن ، بۆیە جورئەتم دایە بەر خێم و بەکابرام وت ئوستاز دەتوانم بیخوێنمەوە کابرا دوای ئەوەی تەماشایەکی منی کرد بە ئیشارەت بێ ئەوەی قسە بکات وتی: باشە. کە بەم جۆرە ئیمزام کرد .
ئەو جار هێنیامیانە دەرەوە ، ەاستی ترسی ئەوەم هەبوو بمبەنەوە ژێرزەمینەکە، بەام نەیانبردمەوە ئەوێ ، کورسیەك لەحەوشەکە داندرابوو لەنزیك دەرگاکە ، سەلاجەیەکی ئاوی لێبوو دێکەیەکی لەسەربوو ، کابرا بەمنی وت لێرە دانیشە من دانیشتم ، ئیتر بێ ئەوەی پرس بەکەس بکەم دێکەکەم پێی ئاو کرد و دەمم پێوە ناو خواردمەوە ئێستاش لەبیرم نەچووەتەوە چونکە گەرمایش بوو دوای ئاو خواردنەوەێ ئارەقێکی زۆرم دەردا چونکە هیچیشم نەخواردبوو هێنجم دەهاتێ. پاش چەند جگەرەکێشانێك کابرا هات ئەوەی کە بێ یەکەم جار بردبوومیە ژێرزەمینەکە ، دیسان چاوی بەستم ، منیش بەو شەکەتییەی

لێدان و تێهەڵدانەوە ، سەرەڕای برسییەتی و ترس لەوەی بمباتەوە ژێرزەمینەکە یا شوێنکی وەك ئەوێ هەزار و یەك بیرم بە مێشکا دەهات ، بەهەر حاڵ ڕێشتین ڕەنگبی بە مەزەندە تا 500 پێنجسەت مەترێك بە بەڕێشتین ، ناوە ناوەش کابرا دەیگوت سەرت داخە و سەرت بەرز کەوە تا گەیشتین چەند جارێك ئەمەی دووبارە کردەوە دەستی گرتبووم تا گەیشتینە شوێنیك بەعەرەبی وتی (دیر بالك سلالم) واتە ئاگاداربە پەیژەیە (قادرمە) ئیتر ئەوە بوو لە پەیژەکان سەرکەوتین ، وا دیاربوو پەیژەکان زۆربوون ڕەنگە 15 پازدە پەیژە زیاتر دەبوو ، وەختیك کە چاویان کردمەوە ، ڕووناك بوو خەڵکێکی یەکجار زۆر لەو دیوی شیشەکانەوە دیاربوون . کابرا منی تەسلیمی بەرپرسی ئەو جێگاکەێ کرد ئەویش قەڵەم و قایشی پشت و سەعاتی لێ سەندم ، ، ئینجا دەرگای سجنی بێ کردمەوە پاش ئەوەی ناو و زانیاری نووسیەوە کە چوومە ئەو دیوی شیشەکەوە دەتوانم بڵێم بەس من جلم لەبەربوو چونکە زۆر گەرم بوو خەڵکێکی زۆر ، ڕووبەریکی کەم ، کە قاوش قاوش بوو ڕەنگبی 50م بە12 مەتر بێ ، درێژووکانی بوو ، قاوش قاوش بە محەجەرە جیا کرابووەوە کە لەوانەیە بە مەزەندە نزیکی هەشت سەت نەفەریان تێدا ئاخنیبوو کە پاسەوانەکە دەرگای داخستەوە من نەمزانی لە زیندانەکە بەرەو کوێ بچم، تەنانەت جێگای وەستانیش نەبوو . بەناچاری هەر لەنزیك دەرگاکەوە بەحاڵ لەسەر چیچکان دانیشتم ، بەجلەکانیشم دیار بوو کە
ڕاستی ئەم زیندانە هەموو جێرە مرۆڤیکی تێدابوو لەهەموو جۆرە قەزیەیەك بەسیاسی و غەیرە سیاسی(پاشان ئەوەم زانی) لەبەر ئەوە زۆر ناخۆشبوو ، گەرما و
بەهەرحاڵ نازانم چۆن بوو کابرایەك لەتەنیشتم بوو پێی گوتم لەسەر چی گیراوی منیش لەبێتاقەتی کە پێشمەوە دیار بوو لێیان داوم وتم نازانم ، زۆری پی نەچوو یەکێکی دی کە لە بەرامبەرم دانیشتبوو جگەرەی دەکێشا وتی (أنت کاکە موو) ، بەو مانایەی تۆ کوردی ؟ وا دیاربوو لەشیعە و ئەوانە دەچوو، منیش لەسەرخۆ وتم (ئا) وتی: جەماعەتەکەت هەموویان لێرەن ، ئیشارەتی بێ لای سەرەوە کرد. منیش ڕاستی زۆرم پێ بڕوا نەکرد وام زانیی پێم ڕادەبوێرێ لەگەڵ ئەوەشدا بەهەزار حاڵ تێزی چوومە سەرەوە چاوم گێڕا وەختیك پاش پێنج شەش مەتر ڕێشتن ئاوڕم لەلای ڕاستم دایەوە ، لەیەکی لەقاوشەکان وەك وتم زیندانەکە لەکەمەڵی قاووش پێکهاتبوو، بێجگە لەوەی مەمەڵکی هەبوو ، تەماشام کرد بالفعل کەمەڵیك برادەرم بەرچاوکەوت وەك گوێ گەشامەوە لەخۆشیان بەتایبەتی کە زۆر ماندوو بووم.
ئەوانەی لەوکاتەدا لەوێ بوون چیرۆکنووس م.(حسێن عارف) م (حمید عزیز) کە ئێستا دکتۆرە لە فەلسەفە لە زانکۆی سەڵاحەددین ،

(ئەحمەد زەردەشت) ڕۆژنامەنووس (عەبدوڵا عەباس) ڕۆژنامەنووس (محمد عبدالخالق) ڕۆژنامەنووس کەمال کە هەردووکیان لە ڕۆژنامەی (بیری نوێ)ی حزبی شیوعی کاریان دەکرد ،
کابرایەکی لوبنانیشیان لەگەڵ بوو هەر چەندە دوایی زانیم لە قاووشێکی دیکەیە کە دەیانگوت ئەندامی سەرکردایەتی حزبی بەعسە لە لوبنان ، خۆی ناوی(فاروق حسین الساحلی) بوو ، ئێمە پێمان دەگوت (ئەلتلوو ئەللو) ، چونکە ئەوەی لە قسەکردندا زۆر دووبارە دەکردەوە ، ئیتر کەمەیك برادەری تریش بوون کە ئەنگە ئێستا ناوەکانیان نەیەتە خەیاڵم بۆجگە لە م. (ەئوف حەسەن) چیرۆکنووس و ڕۆژنامەنووس کە ئەویان بردبووە (زیندانی ئینفرادی) بەمجۆرە و لەو حاڵەتەدا
زۆرجار پاگەندەی وایان لەناو زیندانداا بۆاودەکردەوە کە ئەوانەی لەسەر فۆانە مەسەلە گیراون واو وایان لێدەکرێ.. یا هەندێ جار کە ڕۆژنامەی (الثورة)مان بۆ دەهات چەند جارێك پارچەیەکیان لە لاپەڕەیەك لێ دەکردەوە ئێمە وام لێك دەدایەوە ئەوە ئەمری ئیعدامی ئێمەیە ..
لە ڕووی خۆراکەوە ، خواردنمان لە نیسك، جاروباریش هەندێ برنج کە زۆر وشك بوو زیاتر نەبوو..
حەفتەی جارێك پارچە (زبدە)یەکیان پێ دەداین ، هەندێجاریش نەختی شیری قوتوو..
ڕاستی زۆربەمان زبدەکەمان هەڵدەگرت و نەماندەخوارد بۆ ئەوەی ئەگەر لێیان داین لەباتی مەلحەم شوێنی لێدانی پێ چەور بکەین ، ئەگەر نەخێشیش بووباین، لە حاڵی مەلایش باین دەبووایە سرە بگرین تا بە حەفتەیەك یان زیاتر دوای ئەوەی
دکتۆریش کە دەچووینە لای لە دووری دوو مەتر زیاتر بە توڕەییەوە لێی دەپرسی (شبیك ؟) واتە چیتە ؟ سەیرە ئەوە بە دڵی خۆ پزیشکە و سوێندی یاسایی ئەبوقراتی خواردووە !!
لە ڕووی مواجهەوە ، تا بەریش بووین هەموو مواجهەیەکمان قەدەغە بوو تەنیا ئەوەبوو ، ڕۆگایان دەدا کەسوکارت کە دوایی زانیمان لە زۆر دوور ڕایاندەگرتن و تەنیا بۆیان هەبوو گلێسێك پاکەتی بەغدا لەگەڵ فانیلایەك و دەرپێ قوتەیەك و5 پێنج دیناری ئیراقیمان بۆ بنێرن و بۆشمان نەبوو بپرسین کێ هاویەتی ، بەبەڵگەی ئەوەی برادەران دەزانن جارێ من پرسیم کابرای ئەمن ، پاش کەمەڵك جنێو ئینجا
بۆ هەموومان وابوو..
بەهەرحاڵ ئێمە تا نزیکەی چوار مانگ ماینەوە. دواجار ، پاش ئەوەی ئەوانەیان گرت (کە دوای ئەوەی بە کەفالەت ئازاد کراین زانیمان)

ئەمە زۆربەمان بە کەفالەت ئازاد کراین.
ئەوانەی لەگەڵ منداگیرابوون و لە (زیندانی ئەمنی عامە لە بەغدا) ئەو برادەرانەی خوارەوە بوون:
1- حسێن عارف- ڕۆژنامەنووس و چیرۆکنووس ئێستا نیشتەجێی شاری سلێمانییە.
2- هەوانشاد عەبدوڵڵا بابە عەلی- ڕۆژنامەنووس خەڵکی کەرکووك،
3- احمد زەردەشت- کۆی تۆژەری مژوو مامۆستا حەمەبار- ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەی (بیری نوێ)ی حزبی شیوعی.
4- محمد عبدالخالق- ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەی (بیری نوێ) و مامۆستا .
5- شاعیر و ڕۆژنامەنووس عەبدوڵڵا عەباس ، کە ئێستا دانیشتووی سلێمانییە.
6- حەمید عزیز کە ئێستا دکتۆرە و لە زانکۆی سەڵاحەددین، کۆلیژی ئاداب بەشی فەلسەفە مامۆستایە و خەڵکی قەڵادزییە.
7- بێستوون مەلا عومەر- ئەویش لەسەر هەمان قەزیە – بێستوون لە سلێمانی گیرابوو.. بە داخەوە وابزانم شەهید کرا .
8 – برادەرێکی دی بە ناوی کەمال ، کە هونەرمەند بوو لەگەڵ محەمەد عەبدولخالق گرتبوویان.
ئەوی ڕاستی بێ کە وتت زیندان ، بە تایبەتی زیندانی بەعسییان کە ئیعدامیان پێ ئاوخواردنەوە بوو .. لەگەڵ ئەوەی ئازارێکی جەستەیی و نەفسی زۆریان داین ، بەڵام دیسان خاڵی نەبوو لە هەواڵپرسێ و دیمەنی کۆمیدی ، بە نموونە کابرایەکی لێ بوو لە تەنیشت قاووشی ئێمە ناوی (ئیبرە و خێت – داو و دەرزی) بوو کە پرسیم وتیان تاکە کەسە توانیویەتی دەرزی و داو بنێتە ژوورێ ، دەیانگوت ڕۆژ گوایە چەند مریشکێکی کڕیوە و بردوویەتیەوە ماڵ کە بەهۆای کردوون یەك یەك ناوی لێ ناون و وتوویەتی ئەوە قائید ئەلموئسسە ، ئەوە سەید و ئەلنائبە (مەبەستی سەددام حسێن) بووە ، ئەوە ئەندامی قیادەی قوتری فڕانە و تاد .. تومەز ژنەکەی پێ دەچێ دەستی هەبووبێ ، خەبەری لێ دەدا و دەیگرن بە تۆمەتی (سب و شتم) واتە جنێودان ، ئینجا زۆر جار بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد (بس اطلع) واتە بەس ئازاد بم ، گومان لێ دەبوو هەر لە قاووشەکەی خێی پێیان دەگوت (بابە ما تطلع) بابەڵ دەرناچی ..
یان کەمەك شەقاوەی بەغدایان گرتبوو ، نەمانزانی لەسەر چی بوو ، بەڵام دەیانگوت کۆنگرەی لاوانی عەرەب لەو ماوەیە لە بەغدایدا دەبەسترێ بۆیە گیراون (وایان دەگوت) ئەوانە زۆریان کوردی فەیلی بوون ، هەموو زیندانییان لێیان دەترسان ، بەڵام خۆشبەختانە زۆر ڕۆزی ئێمەیان دەگرت ، یەکێکی زەبەڵاحیان تێدا بوو وای نیشان

دەدا گەورەیانە (گەورەی شەقاوان) دەهات بە کا حوسێن عارفی دەگوت ، (کە ئێمەش بە پێی تەمەن ئەومان بە گەورەی خۆمان دانابوو) – خێ ممحتاجین شی- خێ هیچتان پێویست نییە ، هەر هەمان کەسی زەبەللاح ڕۆژێ پێی لەسەر پێی کەسێك دانابوو ، کابرا دەیهێشا و هاواری دەکرد . ئەویش پێی دەگوت
(اخ الگحپە لیش مخلی رجلك تحت رجلی) واتە خوشك هین بێ پێت لە بن پێی من داناوە ؟ !!
یان کابرای لوبنانی کە زۆر دەهاتە لامان ، ئەو لە قاووشێکی سەرەوتر بوو ، عەرش و کورشی باس دەکرد ، هەمیشەش دەیگوت من یا ئیعدام دەکرێم یان ئازاد دەکرێم و بەرپرسیاریەتێکی گەورەم دەدەنێ ، پاشان دوای ماوەیەك ئازاد کرا ، ئێمە بەوەمان زانی هەندێ پاکەت و پەنیر و ئەوانەی بێ قاووشی ئێمە ناردبوو .. ئەو پیاوە خێی وەك چەپ نیشان دەدا کە لە زیندانەوە بەرگری لە میشێل عەفلەق دەکرد و بە بیریاری حزبی بەعسی دەزانی ، لەو سەرەکەی دی (جەبهەی قەومی تەقدوومی) نێوان بەعس و حزبی شیوعی بەرقەرار بوو و بارەگایان لە بەغدا و نزیکەی زۆربەی شارەکان مابوو ، ئینجا زیندان پێ بوو لە شیوعی ..
بەو جۆرە مامەوە تا ڕۆژێ من سەرەی سەرئاوێم (تەوالێت)م گرتبوو ، ئاخر سەرئاویش بە سرە بوو بەشی هەمووانی نەدەکرد دەبووایە کەمترین کات بەیانیان نیو سەعات بچیت سرە بگری تا بەرت دەکەوێ چێەە میزەکی بکەی ئەویش تا تەواو دەبووی دەیان (شسوێت)ت – چیت کردتیان لەو دیوی دەرگاوە بێ دەهات وەك وتم ئەو ڕۆژە دوای نزیکی چوار مانگ لە زیندان ئەو بەیانییە هەر سرەم بەرکەوت و چوومە ژوورەوە ، گوێم لە چەند ناوێك بوو ، لەوانە ناوی خۆم ، چیت لێ بشۆرمەوە میزم بە پاش وەچووەوە و پێم نەکرا کە گوێم لە ناوی خۆم بوو کابرا وتی ، فڵانی کوێی فڵانی (لم غراضك) واتە فڵان (واتە من) شۆوشیتاێت کێ کەوە ، خۆیشی وابوو ئەگەر بەیانیان بانگیان کردبای یا بێ ئازاد کردن بوو یا گواستنەوە ، بە پێچەوانەی ئۆواران یا شەو ئەوە بێگومان دەمانزانی بێ تەعزیب و لێکۆینەوەیە ، ناوی ئێمە کە بانگ کراین بەیانی زوو بوو دەوری سەعاتی هەشت تا هەشت ونیوی بەیانی بوو ، بۆیە لە ڕواێەتەوە ترسی کەمتر بوو ، هەر وایش دەرچوو من یەکسەر لە تەوالێتەکە هاتمە دەرەوە ، هیچ شۆو شیتاێیشم نەبوو ، یەکسەر چووم خواحافیزیم لەو برادەرانەی مابوون ، (چونکە هەندێکیان پێشی من بەر ببوون)کرد و هاتمە لای دەرگا خۆم ناساند و کابرا لیستێکی پێ بوو سەیرێکی کرد و دەرگایان لێ کردمەوە ، کابرا پێشەکی منی بردە لای سەرتاشی زیندان ، چونکە ێیشم زۆر درۆژ بوو و لە هەموو ئەو ماوەیەشدا چەهرەی خۆمم نەبینیبوو ،

سەرتاش زۆر بە پەلە ێیشی تاشیم نیوەی ێوومەتی بێیم ، ئینجا کابرا بردمییە لای دەرگایەك کورسییەکی لێ بوو ، وەك ئەوانەی بێ دەرگەوانانی دادەنێن و وتی لێرە دانیشە (ئەو بە عەرەبی وتی) .. چووە ژوورەوە ، دوو تا سێ دەقەی پێنەچوو دەرگای کردەوە بە وشەی (تفضل) فەرموو ، کە دەمێك بوو گوێم لێ نەببوو ، لەوەێا زانیم بانگ کردنم بێ بەربوونە .. کە چوومە ژوورەوە کەسێ بە جل وبەرگی مەدەنی تەمەنی بە سەرووی چل و پێنج ساڵی دەردەکەوت لە پشت مێزێکی داری پان و پێێ دانیشتبوو کە دوو کورسی لەم سەر و ئەو سەر داندرابوون ، ژوورەکەش پاك و خاوێن و قەنەفەی گرانبەهای لێ بوو ، بەوە زانیم کە ئەفسەرێکی پلە باڵایە ،کەسێکی سوورکەێەی قەێەوی لەلادا لەسەر یەکێك لە کورسییەکانی بەردەمی دانیشتبوو لەگەێ چوونە ژوورەوە کابرای پشت مێز ئاماژەی بێ کورسییەك کرد لای دەرگا داندرابوو و وتی : (استریح) دانیشە .
نەخێر زۆری نەبرد چایەکیشیان بێ هێنام ، ئینجا کابرای قەێەو بەکوردی پێی وتم تێ چ کارت بەوانە دایە ، تێ ئەولی تەمەنتە بێ یارمەتی باوکت نادەی …(کەر لە کوی کەوتووە و ئاشەوان لە چ خەیاێێ ، دەبێ پەندەکەی ئاوا بێ تێکەێ بکەی) وتم مامێستا من لە جنووب دەژیم ، خوا شایەدە خێشم نازانم بێ گیراوم .. کابرا لەسەری نەێێی یەکسەر وتی ئەمێێ بەر دەدرێی من هاتووم دەبمە کەفیلت ، ئینجا کابرای پشت مێز وتی: (راح نطلق سراحك) واتە بەرت دەدەین ،پاشان کەمەێێ قسەی کرد بەو ئاراستەیەی کە هیچ تاوانبارێك ئەو (مجرمین) ی بەکار هێنا لە عەدالەتی حزب و سەورە دەربازیان نابێ.. بەهەر حاێ من تا ئەو کاتە دەمم بێ چایەکەی پێشم نەبردبوو، کابرای پشتی مێز وتی : (اشرب چایك تعال وقع) چایەکت بخێوە و وەرە ئیمزا بکە
چایەکە سارد ببووەوە یەك دوو فێم لەبەر قسەی ئەو لێدا و بەرەو لای مێزەکە هەستام و بینیم فەرمانی بەربوونمە ئیمزام کرد ، دیار بوو وەرەقەیەکی تریشی بە کابرای قەێەو ئیمزا کرد ، ئینجا کابرای قەێەو کە بە ئەبوو فلان (ناوەکەیم بیر نەماوە) خوافیزی لە کابرا کرد و منی بە پێشە خێی دا و پسوولەیەکیشی بە دەستەوە بوو کە دەرچووین لە پرسگە تەسلیمی کرد و ئیمزایەکی بێ لە دەفتەرێك بێ کردن و هاتینە دەرێ ..
ئاوا سەت مەترێك ێێیشتین گەراجیکی لێ بوو ، کابرا ئێتێمبیلی لەوێ ێاگرتبوو ، ێاستیی من یەکسەر زانیم ئەم (کوردە قارەمانە) پیاوی خێیانە و بە پارە بووەتە کەفیلم کە هەر وایش دەرچوو ، پارەیەکی زۆری لە باوکم وەرگرتبوو ، بێیە من هەر خوا خوام بوو لە نزیکترین شوێن بێمە خوارێ ، بینیم ئێمە لە کێانەکانی پشت (قصر الابیض)

گیرا بووین کە نزیکیشە لە گۆڕەپانی ئەندەلووس ، ئەو وتی بتگەیەنمە کۆ ، وتم لە گۆڕەپانی نەسر دەمە خوارێ ، گۆڕەپانی نەسر زۆر دوور نەبوو لەوێ و پاسی مەیدان یش دەهاتنە ئەوێ ، بەهەر حاڵ پێی وتم ئێستا خەبەر دەدەمە باوکت ، وەڵامم نەدایەوە ، پاشان دەرکەوت بە پارە ئەو کابرایەیان بێ باوکم دەزیبووەوە کە ماڵی لە بەغدا بوو .
لە گۆڕەپانی نەسر هاتمە خوارێ ، پیاسەیەکم لە گەراجی پاسان کرد ، لە چاوەڕوانی پاسی ژمارە 4 کە دەچووە مەیدان هەستم کرد پێیەکانم زۆر ئازاریان هەیە بە هۆی ئەوەی لە لایەك لێدانی کاتی گرتنم و لە لایەکی دی بەهۆی دانیشتنی زۆر و بوار نەبوون بۆ پێ درێژ کردن .
تا پاس هات هەوڵم دا بە هۆی جامی چەند ئۆتۆمبیلێك چەهرەی خۆم ببینم کە ماوەیەکی زۆر بوو نەمدیبوو ، پاشان وازم لێ هێنا وتم نەڵێن ئەو کوڕە بۆچی سەری دەباتە ناو جامی ئۆتۆمبیلان !!
پاس هات سوار بووم ، لەناو پاس بەبیرم هاتەوە کە بردمیان بۆ قاووش سەعات و قایش و هەندێ شتومەکیان لێ ستاندبووم ، ئەویش ڕۆیی ، تازە چی ، من خوا خوام بوو بڕمە دەرێ ..
پاسی ژمارە 4 بە درێژایی شەقامی ڕەشید دا دەڕۆی تا دەگەیشتە گۆڕەپانی مەیدان ، من پێش ئەوەی بگاتە مەیدان لە وێستگەیەکی نزیك مزگەوتی (حەیدەرخانە) هاتمە خوارێ ، چونکە من عادەتەن کە لە عەباسیەش بهاتمایە بەغدا یا لای م . عزیز گەردی و ئەوان دەمامەوە یا لە ئوتێلی (نزار) نزیکی مەیدان .
ئۆتێلی نزار ئەوسا ، محمد موکری و مارف عومەر گۆ (کە خاوەنی ئوتێل خاڵی بوو) هەروەها زۆر لەو نووسەر و ئەدیبانەشم لێ دەدیتن کە لە بە غدایێ لە زانکێ دەیانخوێند لەوانە بە نموونە شێرزاد حەسەن کە لە بەشی ئینگلیزی دەیخوێند ..
ژمارەیەکی دیکەش بوون ، ناوەکانییانم لەبیر نەماوە.
لە نزیکی ئوتێل نزار لە وێستگەیەك دابەزیم ، لەوێ تەلەفۆنم بۆ محەلی خاڵم ڕەحمەتی محەمەد گەڵاڵی کرد کە ئەوسا کارگەی کاشی هەبوو و شوێنی خۆم پێ وتن ، بۆ ئێوارەکەی باوکم لەگەڵ هەندێ لە خزم و دۆستان گەیشتنە لام ، شەو لە بەغدا ماینەوە بۆ بەیانی بەرەو هەولێر بەڕێ کەوتین ، ڕاستی تا ئازاد نەکرام بە دایکمیان نەوتبوو ، بەڵام دایکم بە (حدس) زەینووونی دایکایەتی هەستی کردبوو شتێك بووە و پێی ناڵێن .. بەهەر حاڵ سێ چوار ڕۆژێك لە هەولێر لە ماڵەوە مامەوە پاشان یەکسەر بەرەو عەباسیە ، شوێنی لێی گیرام گەڵامەوە ، کە چوومە کتێبخانە (وەك لە پێشدا وتم من کاتب بووم لەوێ) بەڕێوەبەری کتێبخانە پێی ڕاگەیاندم کە من ماوەی مانگێك زیاترە گواستراومەتەوە بەغدا (ئیدارەی محەلی) ، هەر چەندە زۆرم

پ خش بوو ، بەام لە دی خمدا سەیرم پ هات کە لە کاتکدا من لە زیندان بووم فەرمانی گواستنەوەم دراوە ، ئینجا یان کەس بە کەس نەبووە و ئیدارەکان ئاگاداری یەکتر نەبوون یان بە مەبەست ئەوە کراوە ..
نوسخەیەك لە فەرمانی گواستنەوەم لە بەوەبەری کتبخانە وەرگرت و خواحافیزم لەوان و چووم لە ماڵی قادریش کرد و بەرەو بەغدا لە نەجەفەوە کەوتمە ..
ئەو ژەی گەیشتمە بەغدا بە درەنگم زانی بچم بۆ پارزگای بەغدا – ئیدارەی محەلی – هشتمەوە بۆ بەیانی ، شەو وەك زۆر جاران چوومە لای م. عزیز گەردی و حەکیم کاکەوەیس و ئەوان و استی سەرەای ترسکی پەنهان دخش بووم بەوەی گواستراومەتەوە بەغدا ، تەنانەت باسی ئەوەشم لەگە برادەران کرد کە منیش چن ژوورك لەوناوە بە کر بگرم ..
بۆ بەیانی چوومە پارزگا کە ئەو دەمە بارەگای پارزگا لە مەیدان دوور نەبوو لە بینایەیەك بوو پیان دەگوت (قشە) ، لە پرسگە نوسخەی فەرمانی گواستنەوەکەمم پشان دان یەکسەر بۆ ئەوەی پم بن چاوە بکە (کە ئەوەش ترسی زیاتر کردم) بردمیانە لای بەوەبەری گشتی (لەسەر دەرگاکەی وا نووسرابوو) ، بەوەبەری گشتی بۆ ئەوەی لم بپرس ئەو ماوەیە بچی (نەهاتووی موباشەرە بکەی) یەکسەر لەسەری نووسی (الأملاك .. شعبة التركات لاجراء اللازم) ، خزمەتگوزارکم لەگە هات بردمی بۆ لای بەوەبەری بەشی ئەملاك ، ئەویش (موباشەرە) ی بۆ نووسیم ەوانەی بەشی (التركات)ی کردم ، تەریکات چ تەریکات ، استە وەك بەشك بوو لە ئەملاکی ئیدارەی محەلی ، بەام لە کەمەك تماری تزاوی زیاتری لە نەبوو ، کە دەشم تزاوی هەرگیز بە تەوسەوەم نییە ، بەاستی تزی سالەهای سالی لە کبووەوە ، ئەو تمارانە بەئەس هی جوولەکەکان بوون ، ئمەش یەك دوو فەرمانبەر بووین بۆ ئیش و کار وەك پاسەوانی ئەو تمارانە وا بووین ، استی لە توانادا نەبوو لە ژوورەوە لەبەر تز دابنیشین بە ناچاری زربەی کاتی دەوامان لە ەوەکە بەسەر دەبرد کورسیمان دەهنایە دەرەوە (من لەو کاتەوە تووشی ئەوەی بە حەساسییە ناسراوە) بووم کە ئستاش لە کم نەبووەتەوە ..
ماوەی چەند مانگکیشم بەو ەنگە بەە کرد تا ژ بە کەوت کوردکم بینی کە وا بزانم لە بەشی خیەتی ئەو کاری دەکرد کوردکی خەکی کەرکووك بوو ناوی (مەجید بیبانی) بوو ، دەرچووی بەشی کوردی بوو (پاشان بیستم دکترای وەرگرتووە) ئەو لە ی نووسین و ژنامەکانەوە منی ناسییەوە ، منیش بارو دخی خم بۆ

گۆڤاری ، ڕاستی مەردانە بە هانامەوە هات و شەفاعەتی لای بەڕێوەبەری گشتی بۆ کردم ، کە ئەوەی لێ کەوتەوە گواستمیانەوە کۆگای کتێبان لە پەروەردەی کەرخ ، هەر چەندە ئەوێش خاڵی نەبوو لە تەپ و تۆزی کتێبان ، بەڵام زۆر باشتر بوو لە جێی پێشترم.
بەو هۆنگەم بەڕێ کرد تا نزیکەی ساڵ و نیوێك ، ئینجا گەڕامەوە هەولێر ، ئەو دەمە ماڵیشمان هاتبووە هەولێر و لە دوکانێکی تۆمارگە کە یەك دوو خزم بۆیان دانام ،
دوکانەکە بە ناوی (تۆمارگەی ژوان) بوو لەسەر شەقامی ئاراس تەنیشت بانکی ئاراسی ئەوسا ..
لێرەدا کۆتایی پێ دێنم . لەم ڕاستەیشدا دەمەوێ خوێنەری ئەم چەند دێرانە لەوە باخەبەر بکەم ئەم چەند لاپەڕەیە یادەوەری نییە ، بەشێکی بچووکی یاداوەریش نییە لەوەی بەدەر بەشێکە لە پڕۆژەیەیەکی تایبەت بە نەفیکراوان کە من لە ڕاستیدا بە ئیلحاحی برایان (تاریق جەمباز ، کە بەجار 126 جاری پێ وتم) هەروەها (نیعمەت عەبدوڵا ، کە ئەویش 27 جار) دەنا من وەکو خۆم ژیانی خۆم وا چاو لێ نەکردووە شتێکی تێدا بێ جیا لە هەر کوردێك جێی گۆڕانەوە بێ ، جگە لەوەش لەوەندەی یادداشتنامەم خوێندوونەتەوە ، مەگەر بە دەگمەن دەنا لە تێکەڵەیەکی غەریب و عەجیب زیاترم لێ نەدیون لە نێوان ڕاستی و هەڵبەستن و ناڕاستیدا ، تەنانەت خەیاڵ بێ ئەوە دەچێ هەندێ لەو یادداشتنامانە بە چەشنێکن ئەوەندیان تەفاسیل تێدایە لە ڕۆژانە دەچێ تا یادداشتنامە کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ڕۆژانە نووسیبێتیانەوە ، ئاسان نییە لە تەمەنێکی دیاریکراودا ئادەمزاد شتەکانی بەو وردکارییە بەبیر بێتەوە.. لە ڕوویەکی دیکەوە هەندێ جار ئەوە بە خەیاڵدا دێ حکوومەتی بەغدا نەیدەویست ئەو شاخ و داخانە چۆڵ بن ئەو فشارانەی دەکردن گەنجی کورد ناچاری هەڵاتن و خۆدەربازکردن بکا و شەرعییەت بداتە خۆی بێ سەرکوتکردن وچەواشەکردنی هەندێ لایەنی نێودەوڵەتی سەزدار لەگەڵ کێشەی ڕەوای کوردستان ، ئەوەش ڕوونتر لەوەدا دەرکەوت کە حکوومەت هەر زوو پێش ئەوەی بزووتنەوەی چەکداری ئاهەکی بێتەوەبەر لە شاخ پرسەی ڕاگواستنی چەندان ناوچە و گوندی کوردستانی ، کە یەکەمین گورزی کوشندە بوو بەر ڕۆحی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و ئابووری مرۆڤی کورد و کوردستان بە گشتی کەوت کە لە دوایشدا ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ و لەباڵیەکدەرهێنانی بزاڤی ئازادیخوازی کوردی لێ کەوتەوە ، دەسپێکرد ..
ڕاستییەکانیش هەروا دەرکەوتن کە وەختی خۆی لە ئەدەبیاتی حزبیاندا دەریان دەبڕی کوردیان بە (شعبنا الکردی) ناوزەد کردبوو و کە تا ئێستاش و تا ئەمڕۆ حکوومەتە یەك لە دوای یەکەکانی بەغدا نە

بۆوایان به چارەسەرکردنی بنەڕەتی کێشەی کوردستان هەیە و نە پلانێکی جددییان بۆ هەبووە و هەیە .
ئەم چەند دێرە هەتیوکەوتووەیش، بۆیەش دەڵێم هەتیوکەوتوو چونکە پێشم وایە گەیشتووەتە قەناعەت دوای هەموو ئوودواوە تراژیکۆمیدییەکانی پاش ئاپەڕین و دامەزراندنی پەرلەمان و حکوومەت لەم بەشەی کوردستان نووسین و نەنووسینی وەك یەك بۆ ، بە بێگەی ئەوەی ئەحمەد ناوێکی مەنسوولی زیندانییە سیاسییەکان کە بە دڵی خۆ نیعمەت عەبدوڵڵاشم بە شایەدی لەگەڵ خۆم بردبوو و هەردوو هاوزیندانیش محەمەد عەبدولخالق و د. حەمید عزیز لە کاتبی عەدل شایەدیان بۆ دابووم مەنسوولی زیندانیان پێی وتم ناکرێ چونکە تۆ لەسەر(قتل) گیراوی !
ئینجا ئاغەم بە تووسەلامەتدار سەیرایەتییەکە لەوە دابوو من تەئیدم لەسەر داوای خۆیان بۆ چەند برادەرێکی هاوزیندان کرد بە تەئیدی من بۆیان ئایی کردن !!
بە داخەوە ئەمە هەڵە دەکەین ، کەچی لە یادداشتنامەکانماندا (مەگەر بە دەگمەن) دانی پێدا نانێین ، کە لێشمان دەقەومێ هەمیشە کارەسات و نوشووستییەکانمان بە جلئاوێزی خەکی تەوە هەڵدەواسین ، لێرەشدا نەخێشی (دەردە کورد) و یەکتر تاوانبار کردن هەمیشە دووبارە و سەتبارە بووەتەوە و دەبێتەوە ..

(**)ئەم وێنە و دیکۆمێنتانەی خوارەوە ئەوەندی لای خۆم بوون و مابوون و بەر تاڵان و بڕۆی شەی برایان نەکەوتن بە پێی بەردەستییان ئەوانەن پەیوەندییان بە خودی ئەم نووسینەوە هەیە .

(*) (بەختی ەش یا کەمەی چەوت) لە ئەسڵدا ئەمە ناوونیشانی یادداشتەکانی باوکم بوو کە نزیکەی نۆ سەت و قسوور لاپەڕەی فۆسکاب (A4)ی دەستخەت بوو ، بۆجگە لە چەندان وێنە و دیکۆمێنتی گرینگ کە بە داخێکی زۆرەوە بە بۆردمانی فڕۆکە لەگەڵ خانوو و ماڵمان ساڵی 1974 لە گەڵاڵە تیاچوو .

خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی (ماچی پێش مەرگ).. نووسینی: شێن مشیر

ڕۆمانی (ماچی پێش مەرگ) لەنووسینی نووسەری ئەمریکی (ئیرا لوین)ە، لەلایەن (زانەر محمد)ەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، کە بەزمانێکی سادە و وردو و بە گرێ کاری وەرگێڕانی بە کردووە و لە دوو تووێی (355) لاپەڕەدا و ساڵی (2019)، لەلایەن چاپخانەی (چوارچرا)ەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

جۆری ڕۆمان:

ڕۆمانسی، نهێنی، تاوانکاریی و شوێنی ڕووداوکان (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا)یە و بەتایبەت شاری نیویۆرک.

دەروازە:

ڕۆمانەکە لە(سێ) بەش پێک هاتووە، کە لەهەربەشێکدا ڕووداوی چاوەڕوانێنکراو ڕوو دەدات، و ئەمەش چێژی خوێندنەوە و تامەزرۆی بە زانینی ڕاستی ڕووداوکان لای خوێنەر زیاتر دەکات.

کات:

لەگەڵ خوێندنەوەی ڕۆمانەکە نووسەر دەمانباتەوە ساڵی (1950) و ساڵانی دواتری سەدەی ڕابردوو، ئاشنامان دەکات بە هەڵسوکەوت و نەریت و ئاو گیروگرفتانەی لەو ڕۆژگارەدا تووشی کۆمەڵگەکانی ناو ڕۆمانەکە دەبن.

زمان:

زمانی ڕۆمانەکە ئەدەبییە و لەکاتی خوێندنەوە خوێنەر لەی بەزار نابێت، و بەو وەرگێڕانە تایبەتەی بەی کراوە چێژی خوێندنەوەی زیاترکردووە.

دیالۆگ:

ئەم ڕۆمانە سەرڕای بوونی چەندین دیالۆگ لەنێوان کارەکتەرکانی ڕۆمانەکە، بەڵام بەهێزترین دیالۆگکان لەنێوان کارەکتەر

سەرکیەکانی ئەمانکدایە، ئەوانیش (دەرتی، ئالن، ماریان، بکوژ).

کاتک گوبیستی هەوالی مەرگی ئازیزکمان دبین ئاستوخ دکوینە دخکی ناهەموارەوە، و بەوامان نکردووە ئەژک دت و بجمان دئ و ئەمە لژیان کردن بردەوام دبین. زەرجار گوبیستی ئەوە دبین کە دئن لدوای مەرگی تە منیش ئاستوخ دمرم و بەرگە ناگرم، بەڵام چی ووددات ئگەر ئەو کەسەی کە بەرگی مەرگی ئازیزکی ندگرت خی نخشی کوشتنی داشتبت؟ هندە خشیدویست لکتا ماچی خشویستیدا مەرگ دکات بدیاری بی.

وەک ئەم پرسیارە دکینە دروازیک بە چوونە ناو ئەمانی (ماچی پش مەرگ)ەوە، لەرەوە ئاشنای کسایتیکانی ناو ئەمانکە دبین.

دەرتی کینگ شیپ خکی نیویرکە کچی سەرکی شریکی مسی کینگ شیپە، ئەم کچە نازدارە خوندکاری زانکیە، و بدە ئاشقی کوک دبت. ناکیکانی خزان و نبوونی هستی خشویستی لڵایان باوکی و خوشکانی زیاتر تامەزرۆیی بە خشویستی زیاددکات. بجەرک تنها کمک سز وای لدکات زیاتر وابستەی بنەمە فریودەرکانی خشویستکەی بت. ئەمش دیکاتە هۆیکی گەورەو و دووگیان دبت و سەرتای نهامتیکانی دست پدکات، چونکە کوکە ئامادنییە ببتە باوک و بەرپرسیارتی خزان لئستە بگرت ئەوی لدەرتی دوت تنها پارەو سەروتکی باوکیتی نک منداک. بە زگاربوون لەم عشقە زەر بووردی پلانی کوشتنی دەرتی دادنت بجەرک بچووکترین شونەوار لدوای خی بجنهەت.
کاتک پش مردن بە ماچک مەرگ دکاتە دیاری بە ئازیزترین کسی ژیانی، ئایا دەرتی دمرت...؟

ئایا بکوژ هەروا بئاسانی دتوانت درژە بژیانی خی بدات و ببە ئازاری ویژدان بژی؟ کاتک شانازی بخیەوە دکرد و هندک کات لئاونە سیری خی دکرد و دیوت: (بڕۆ، توانیم لدەست یاسا خم دربباز بکم). (لەوی تا ئستا هیچ سامانکم دستنکەوتووە، داخ ناخم. هشتا دەرفتی زەرم لبەر دستایە و تمنم تنیا بیست و چوار ساڵە).
ئەم بکوژە چاوی تماحی لسەر خزانی (کینگ شیپ) لانادات و بردەوام دبت لداشتنی نخشکانی بە گیشتن بە سەروت و

سامانی ئەم خەزانە. ئایا دەتوانێت بگات بەخۆنەکەی و دەست بەسەر سامانەکەیاندا بگرێت؟ ئایا کچەکانی دیکەی خەزانەکە تووشی مەترسی دەکات؟

لەرەو نووسەر زیاتر تامەزرۆی خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە نەهێنییەمان دەکات. وامان لێدەکات بەدوای ناو و وردەکارییەکانی بکۆڵدا بگەڕێین، ڕۆحی ئەفسەرێکی پشکنەرمان دەداتێ کە گومان دەکەین لەو کەسایەتییانەی دیکەی ناو ڕووداوەکان و بچوکترین سەرەداو وون نەکەین تاوەکو بکۆڵ بدەزێنەوە.

خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە گرنگە بۆ ئەو کچ و کوڕانەی کە دەچنە قۆناغێکی نوێی خوێندنەوە و دەرگای ئازادی زیاتر بەڕوویاندا دەکرێتەوە و تا ڕادەیەکی زۆر بەرکەوتنیان لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا زیاد دەکات. گرنگە بزانن بۆ دەچنە زانکۆ ئایا زانکۆ ناوەندێکە بۆ ڕۆشنبیری و بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری؟ یاخود شوێنێکە بۆ بەسەربردنی کات و مەدەل و قسەی بەسوود؟.

نووسەر لەڕۆمانی (ماچی پێش مەرگ) باس لەکێشەو گیروگرفتەکانی خەزان دەکات لەساڵی (1950)، کاتێک کچێک بەهەی نەبوونی سەز و خۆشەویستی لەناو خەزانەکەیدا ناچارە ئەو بڕیارە بدات کە بۆ سامانەکەی دەیەوێت. دەزانێت ئەگەر باوکی ئاگاداری دووگیانییەکەی ببێت ئیتر بۆکچی خەی نازانێت و بۆبەشی دەکات لەسەروەت و سامان. نەبوونی کەسێکی دەسەز کە گوێ بۆ ئازارەکانی بگرێت، و ڕەگەچارەیەکی پیشان بدات تاوەکو لە مەرگ ڕزگاری بێت. بەهۆی سوود وەرگرتن لەو ئازادییەی بەدەستی هێناوە لەدەرەوەی خەزانەکەی.

ئەگەر ئەم کێشەکانی کەمەڵگەی (ئەمریکا) بێت لە (75) ساڵ پێش ئێستا کە لەڕۆژگاری ئێستادا ڕۆژەی تاوان زۆر زیاتری کردووە، ئەی دەبێت وەاتە تازە پەگەیشتووەکان چۆنبن؟

ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە لەگەڵ دەخی ئێستای هەرێمی کوردستان تادەیەک گونجاوە، چونکە لەدوای ئەو ئازادییەی لە هەرێم بەدەستهاتووە وەهەنگاو هەنگاو تێگەشتنی مرۆڤی کورد گۆڕاوە، بەداخەوە بەبێ بوونی زانیاری سەرتایی لەسەر ئامڕە زیرەکەکان و تەکنەلۆژیا و بەبێ بوونی هیچ سانسۆرێک بۆ بەکارهێنان بۆپەی تەمەنەکان، دەرگای بەڕووی هەموو تەمەکەمەڵایەتییەکاندا کردەوە و بۆجێی ئەوەی سوودی هەبێت بۆوە هەی زیادبوونی تاوان و

هەوشاندنەوەی خەزانەکان و کوشتنی کچان. بۆیە پێویستە خەزانەکان ئاگاداری پەروەردەی منداڵەکانیانبن لەسەز و خۆشویستی خەزان بەبەشیان نەکەن.

من موریدی تەریقەتی کوردایەتیم.. شەماڵ بارەوانی

من موریدی تەریقەتی کوردایەتیم
سەر بە دەمار و خوێنی مەردایەتیم

دەستەکم پەتەکەی ملی قازی نەمرە
دەستەکەیترم ئاگری سەرکەوتنی کاوەی ئاسنگرە

پێشم باشوور و پشتم باکوورە
شعووری کوردایەتیم هێندە گەرمە
هەک دەڵێی کورەی تەندورە

لای ڕاستم هەژهەژات و لای چەپم هەژئاوایە
لە نوسینەوەی خەریتەی خوونی کورد
خوداش لە بەری ئەمە دایە

من خەڵاگری لەیلا قاسم و
هەڵۆی حەپسخانی نەقیبم
سوێندەکەی لەیلا زانا و
کوردستان یان نەمانەکەی ناو سردوی ئەی هەقیم

من لە نەسلی سەید هەزا و بەرخودانی شێخ سەعیدم

من بەسەی شەشی بارزان و کوڕی مەزلوم عەبدی عەگیدم

من تاهەموکی ێیشی مامە ێیشم
کوردایەتی بوەتە پیشم

من نەخشەی کوردستانی گەورە و یەکبونی کوردانم

من گەریلام، من پەشمەرگەم من شۆڕشگێڕم

شەماڵ بارەوانی
بەردەڵەش/٢٠٢٦/١/٢٩

هەـــرش بەرن.. شیعری نەوشیروان ئازاد

چاوەڕێی چین ،
هەرش بەرن،
تادەگەنە قەڵای ستەم،
ئەی تەواری چنگ بەخوێن و ،
بازی تەریو ،
لەئاشیانەی ،زوڵم و ستەم ..،
کەو کاس بن لەبەردەمی ،
فەو فیشاڵی ژەنگ گرتوو ..
هەرش بەرن لەچوارلاوە..
لەهەرلایەک هەنگاو بنێن …
دودڵ مەبن
دڵنیابن …
هەردەگەنە..
کچێ شۆڕشگانی ئەژئاوا

نەوشیروان ئازاد
21/1/2026